گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
ڕێــکەوتــی وەرگــرتــن: 2023/07/09
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 2023/10/01
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 2024/4/29
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(2).Paper14

# فێربونی زمانی سێیەم، ئاسانکاری و ئالێنگارییەکان- سەنتەرەکانی فێربونی زمان لە شاری هەولێر بە نمونە

مزگین عبدالرحمن ئەحمد[1] - هێڤین کمال عبدالجبار[2]
hevynkamal@gmail.com - mizgin.abdurahman@su.edu.krd
[1+2]بەشی کوردی، کۆلیژی زمان، زانکۆی صلاح الدين، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە

زمانی یەکەم (دایک) و دوەم دەکرێ بە هەر هۆیەک بێت بە ئاسانی فێری بین، بەڵام بۆ فێربونی زمانی سێیەم، بەپێی باردۆخ و سەردەم و ڕەگەز و جۆری بیرکردنەوە و ئارەزو و دۆزینەوە و هەلی کار یا هەر بابەتێکی تر وەرگرتنی یا لەلامان قورس دەبێت، یا بە ئاسانی وەریدەگرین، ئەم هاوکێشەیەش دەکرێ لە نێوان کەسەکاندا بگۆڕێت و هەندێ کەس بە ئاسانی زمانی سێیەم فێر ببن، یا بە پێچەوانەوە بە زەحمەت زمانەکە وەربگرن، ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی: (فێربونی زمانی سێیەم ئاسانکاری و ئالێنگارییەکان-سەنتەرەکانی فێربونی زمان لە شاری هەولێر بە نمونە)، هەوڵێکە یان هەنگاوێکە بۆ ڕونکردنەوەی ئەو لایەنانەی کە دەکرێ ببنە بەربەست یا ڕێگر لەبەردەم فێربونی زمانی سێیەم، یا بە پێچەوانەوە، ببنە هۆکاری یارمەتیدەر و ئاسانکار بۆ زمانی سێیەم، هەڵبەت لێرەدا کێشەکە هەر زمانە و فێربونی زمانی سێیەمیش هەر لە چوارچێوەی زمانی یەکەم و دوەم ئاسانکاری یا ئالێنگاری تێدەکەوێت.
لەم باسەدا هەوڵدەدەین تیشک بخەینە سەر کۆمەڵێ هۆکار و پاڵنەرەکانی ئاسان وەرگرتنی زمانی سێیەم، یا بە پێچەوانەوە، ئەمەش لەخۆیدا بابەتێکە کە بۆتە جێی گەنگەشە و قسەی زۆر، کە دوبەرەکی بەرامبەر بەیەکی لە زمانەوانان دروستکردوە و هەریەکەیان بۆ سەلماندنی ڕاستی گریمانەکەی کۆمەڵێک بەڵگەی خستۆتەڕو، لێرەدا بە پشت بەستن بە ڕاپرسییەک کە لە چوار سەنتەری فێربونی زمان لە شاری هەولێر ئەنجامدراوە، بەدیارخستنی هەندێ داتا و زانیاری تاڕادەیەک ئەم بابەتە ڕون کراوەتەوە.
کلیلە وشەکان: زمانی یەکەم، زمانی دوەم، زمانی سێیەم، بنەماڵەی زمانی، ئالێنگاری و ئاسانکاری.

## پێشەکی

### ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوە بە ناونیشانی (فێربونی زمانی سێیەم ئاسانکاری و ئالێنگارییەکان-سەنتەرەکانی فێربونی زمان لە شاری هەولێر بە نمونە)، تیایدا هەوڵدراوە باس لەو کێشە و گرفتانە بکرێت، کە لە کاتی فێربونی زمانی سێییەمدا توشی دەبین، چونکە لە پێشتردا دو زمانیتر کە زمانی دایکی و زمانێکی تر کە لە قوتابخانە و کۆلان یا لە خولەکانی فێربون وەرمانگرتوە، ئێستا بە نیازی وەرگرتنی زمانێکیترین.

### هۆی هەڵبژاردنی بابەتی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم بابەتە، بابەتێکی گەرمی زمانناسانە، لە ئێستادا و فێرخوازانی زمانی سێیەم لە کۆمەڵگای کوردیشدا توشی هەمان کێشە یا ئاسانکاری دەبن، بۆیە بە لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا دەکرێ بەرچاوڕونییەک لە فێربونی زمانی سێیەمدا بخرێتە بەردەم لێکۆڵەران و فێرخوازان.

### سنور و چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکە:

سنوری ئەم لێکۆڵینەوەیە لە کۆمەڵگایەکی زمانی کوردی کرمانجی ناوەڕاستە و داتاکانی لە فێرخوازانی سەنتەر و پەیمانگا ئەهلییەکانی فێربونی زمان وەرگیراوە، هەروەها زمانی لێکۆڵینەوەکەش کوردی زاری کرمانجی ناوەڕاستە، بەڵام بۆ هەندێ نمونە لە زمانی بیانی تریش سود وەرگیراوە، هەروەها دابەشکردنی فۆڕمی ڕاپرسی و ژمارە و داتاکانی کە بە دەستهاتوە، چوارچێوە و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە دیاریدەکەن.

### ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

بە هۆی ئەوەی لێکۆڵینەوەکە پەسنی کێشەیەک دەکات، بۆیە ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە وەسفی شیکارییە، لەڕوی میتۆدەوە لە تیۆرەکانی زمانناس (هەفایسن- Hufeisen) پەیڕەوی کراوە. بۆ دەستەبەری داتای ئاماری، سود لە گوگڵ فۆڕم وەرگیراوە.

### کێشەی لێکۆڵینەوەکە:

لە کاتی لێکۆڵینەوەدا بە دو هۆ، بەناچاری دەبوایە ڕو لە سەنتەرەکانی زمان بکرێت، یەکەمیان لەبەرئەوەی لە کاتی لێکۆڵینەوەکە زانکۆکان لە کاتی پشودابون، دوەمیان، لەبەرئەوەی ناوەندەکانی زانکۆ قوتابیان زۆربەیان خەریکی وەرگرتنی زمانی دوەمن نەک سێیەم، جگە لەمەش لە ڕاپرسییەکە ئەگەر توێژەر لەلای فێرخوازان نەبوایە پرسیارەکان ڕون نەکرابایەوە وەڵامەکان یا بەدەستنەدەکەوت یا بە هەڵە دەنوسران.

## پرسیار و گریمانەکانی لێکۆڵینەوە:

لەم لێکۆڵینەوەدا گریمانەی ئەوە دراوە، کە لە فێربونی زمانی سێیەم هەندێجار ئاستەنگ و ئاڵێنگاری زۆر دێتە بەردەم فێرخوازی زمان، هەندێجاریش بە پێچەوانەوە، زمانی یەکەم و دوەم ڕێخۆشکەرن بۆ فێربونی زمانی سێیەم، بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدراوە وەڵامی چەند پرسیارێک بدرێتەوە، لەوانەش:

1. ئەگەر جوتزمانی دیاردەیەکی باو بێت، ئایا بۆ فێربونی زمانی سێیەم کێشە دروست ناکات؟
2. بەربەست و ئاڵێنگارییەکانی پرۆسەی فێربونی زمانی سێیەم چین؟
3. ئایا زمانی یەکەم و دوەم یارمەتیدەر و هۆکاری ئاسان فێربونی زمانی سێیەمن؟

## ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە:

ناوەڕۆکی ئەم لێکۆڵینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دو بەش پێکهاتوە، بەشی یەکەم ڕونکردنەوەی چەند چەمکێکی تایبەت بە بابەتی فێربونی زمانە و هەروەها ئاڵێنگارییەکانی فێربونی زمانی سێیەم و ئاسانکارییەکانی فێربونی زمانی سێیەم. بەشی دوەم تایبەتە بە شیکردنەوە و ڕاڤەی ئەو داتایانەی، کە لە ئەنجامی ڕاپرسی لە سەر فێرخوازانەوە بە دەستهاتون، لە کۆتایشدا ئەنجام و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە هەردو زمانی ئینگلیزی و عەرەبی نوسراوە، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان.

## 1.بەشی یەکەم

### 1-1.زمانی یەکەم یا زمانی زگماک:

هەر کام لە ئێمە خاوەنی یەک زمانی زگماکین. زمانی زگماکی/زمانی یەکەم، یان زمانی دایک "ئەو زمانەیە کە تاکێک لە سەرەتای مناڵییەوە لە ماڵ و لە ناو خێزاندا فێری بوە، هەرچەند بەو شێوەیەی پێویستە ئێستا لەلایەن ئەو تاکەوە قسەیپێدەکرێت" (سورخی 2013، 9) یەکەم زمانە کە تاکێک فێری بوە و باش لێی تێدەگات واتە زمانی کەسێکە کە لەگەڵ لەدایکبونیدا فێری بوە.

### 2-1.زمانی دوەم یا جوتزمانی:

تاکو ئێستا زمانەوانان نەگەیشتونەتە پێناسەیەکی ورد و یەکلاکەرەوە بۆ ئەم چەمکە، جوتزمانی توانا و شیانی کەسییە لە بەکارهێنانی دو زماندا ڕاڤە دەکرێت، یا کەسی جوتزمانە، کەسێکە دەسەڵاتی بەسەر دو زماندا بە شێوەیەک دەشکێتەوە، لە کاتی پێویست دەتوانێ لە شوێنی یەکتر بەکاریانبهێنێت. (گراسجین-,Grosjean) دەڵێ: ((جوتزمانەکان کەسانێکن لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بە دو یا چەند زمانێک

دەئاخڤن (Grosjean 2010, 4) (هاگن Haugen) جگە لە بە ڕێژەیی دانانی دیاردەی جوتزمانی، هێزی قسەکردنی تەواو بە زمانی دوەم و گواستنەوەی وشە و تێگە بە زمانی دوەم دەکاتە پێوەر، بۆ زانینی زمانی دوەم(Haugen 1953, 7) . دەکرێ لە ڕوانگەیەکی ترەوە جوتزمانی بۆ دو دەستەی زیادەیی(Additive) و کەمی(subtractive) دابەش بکەین، بەم شێوەیە لە دەستەی یەکەم زیادبونی زمانی دوەم لەسەر زمانی یەکەمی کەسەکە، کاریگەری ئەرێنی لە سەر توانا درکپێکردنی و کۆمەڵایەتییەکانی هەیە و لە دەستەی دوەم، فێربونی زمانی دوەم دەبێتە هۆی کەموکورتی و خەوشدارکردنی زمانی یەکەم (الیاسی 2012، 17)، لایەنە لێکچوەکانی ئەم پێناسانە دەگەڕێتەوە  بۆ ڕێژەی توانای کەسەکان لە بەکارهێنانی دو یا چەند زماندا، ئەم پێناسەیە هەندێ کێشە دروست دەکات لەوەی کە جوتزمانی لە ئاستێکی کەمی توانا بۆ ئاستێکی تری زۆر بەرز کە قسەکەر بتوانێ بە ئاستی ئاخێوەرێکی خۆجێیی بە دو زمان قسە بکات، جێگیرنییە و دەگۆڕێت، کەسێک خۆی بە جوتزمان دەزانێت، سەرەڕای ئەوەی قسە بە دو یا چەند زمان دەکات، کەسێکی تر لە خوێندن بە دو یا چەند زمانێک کارامە و بە توانایە خۆی بە جوتزمانە دادەنێت، بۆیە پێناسەیەکی ورد لەم بابەتە بە دەست ناکەوێت (ابطحی و خدادادیان 1395، 16)

## 1-3.زمانی سێیەم یا فرەزمانی:

بەشێکی زۆر لە زانایان کۆکن لەسەر ئەم پێناسەیە بۆ زمانی سێیەم: (ئەوانەی زیاتر لە دو زمان بەکاردەهێنن لە ژیانی ڕۆژانەیاندا) یان (بریتییە لە زمانی سەرباری زمانی دوەم)، بەڵام (هۆفسین) بەمجۆرە پێناسەی زمانی سێیەم دەکات: (بریتییە لە ئەزمونی زیاتری زمانفێربون لەبەدەستهێنانی یەک یان زیاتر لە زمانە نارەسەنەکان). (bardel 2020, 67).

## 1-4.جیاوازی نێوان زمانی یەکەم و دوەم و سێیەم:

زمانی دوەم زمانێکە کە لە قۆناغێکی دواتردا دوای زمانی دایک فێری دەبین، لەکاتێکدا زمانی یەکەم منداڵ بەشێوەیەکی سروشتی لە دایک و باوکی بەدەستیدەهێنێت، زمانی یەکەم ئاڵۆز نییە، چونکە بە شێوەیەکی سروشتی و بێ ماندوبون بەدەست دەهێنرێت، مرۆڤ لە تەمەنێکی بچوکەوە شارەزا دەبێت لە یاساکانی ڕێزمان، بەڵام زمانی دوەم زمانێکی ئاڵۆزە، چونکە وەک زمانێکی بیانی دەردەکەوێت، کە مرۆڤ دەبێت لە هیچەوە دەستپێبکات بۆ بەدەستهێنانی چەمکە بنەڕەتییەکانی، جیاوازی سەرەکی نێوان زمانی یەکەم و دوەم و زمانی سێیەم ئەوەیە، کە لە کاتێکدا هەردو زمانی دوەم و زمانی سێیەم زمانێکی ترن جگە لە زمانی دایکی قسەکەر، زمانی دوەم ئاماژەیە بۆ زمانێک کە بۆ پەیوەندی گشتی ئەو وڵاتە بەکاردەهێنرێت واتە وەک زمانێکی (Lingua franca) سەیر دەکرێت، لە کاتێکدا زمانی سێیەم ئاماژەیە بۆ زمانێک، کە خەڵکی ئەو وڵاتە بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاریناهێنن، جیاوازی لە نێوان زمانی دوەم و زمانی سێیەمدا

هەیە لە بواری پێداگۆجی و کۆزمانەوانیدا، بۆ ئەم مەبەستە هەندێجار زاراوەکان لە زمانی کوردی تێکەڵ دەکرێن، هەندێجار چەمکی (bilingualism) و (multilingualism) لە لای زمانناسە کوردەکان تێکەڵ دەکرێت، بەوەی کە بە جوتزمانی ناوزەددەکەن، لێرەدا دەتوانین فرەزمانی یان (multilingualism) بۆ زمانی سێیەم بەکاربهێنین.

## 1-5.گریمانەکانی کاریگەری زمانی یەکەم و دوەم لە سەر زمانی سێیەم:

### 1-5-1.مۆدێلی خستنەسەر کەڵەکەبوەکان(cumulative enhancement model):

لەم مۆدیلەدا ئەزمونەکان دەریانخستوە کە زمانی یەکەم، تەنیا سەرچاوە و ژێدەری گواستنەوە لە ئاست ڕێزمان و کەتیگۆرییە ڕۆنانییەکان نییە، بەڵکو زمانی یەکەم و دوەم یارمەتیدەرە بۆ فێربونی زمانی زیاتر چونکە ئەزمون پەیدادەبێت لە فێربونی زمانی دوەم. (Flynn, Foley and Vinnitskaya 2004, 3) فلاین و هاوکارەکانی لەو باوەڕەدابون، کە خوێندنەوەی فرەزمانی، هەلێکی بێ وێنە بە ئاراستەی دەوروبەری زمانی دەرەخسێنێت و تێگەیشتنی ئەم خاڵە کە زانستی پێش زمانی(توانست)، ڕۆڵێکی کارایە لە فێربون، لە ئاکامدا دەستگەیشتن بە سیستەمەکانی زمانی ئەو زمانانەی کە فێری بونە دەگێڕێت، ئەم سیستەمە یارمەتی ڕێککردن و ئامادەکردنی ئەو شتانە دەدات، کە بە ڕۆنانی زەینی زانستی ڕێزمان دەناسرێت.

### 1-5-2. مۆدێلی پێشینەی تایپۆلۆژی(typological primacy model):

ئەم مۆدێلە یەکەمجار لەلایەن روتمن (Rothman 2010, 127) خرایەڕو، هاوکات لەگەڵ مۆدێلی خستنەسەری کەڵەکەبوەکان، بەپێی ئەم مۆدێلە، لە ڕوانگەی تایپۆلۆژی نزیکترین زمان بە زمانی سێیەم لە نێوان زمانەکانی یەکەم و دوەم، سەرچاوە و ژێدەری گواستنەوەی بۆ زمانی سێیەم (بەمەرجێک هەمان هەوڵ و کات و هۆکار و یارمەتیدەر هەبن بۆ گشت زمانەکان وەک یەک) هەڵدەبژێرێت، هەتا ئەگەر ئەم گواستنەوەی یارمەتیدەر و ئاسانکاری نەکات و ببێتە هۆی هەڵە لە وەرگرتنی زمانی سێیەم، نزیکی تایپی زمان لەم بابەتەوە ئاماژە بە لێکچونی دەرەنجامی فێرخوازە، لەم مۆدێلەدا گریمانەی ئەوە دەکرێت کە فێرخواز لە پۆلێنی زمان و نزیکی درکپێکردنی پۆلێنەکانی، لە نێوان دو زمان ئاگادارە، هەرچەند کە بە شێوەیەکی دیار ناتوانین بڵێین فێرخواز تا چ ڕادەیەک دەبێ لە هەمبەر ئەم هۆکارانە زانیاری هەبێت، (روتمان) ڕای وایە کە مۆدێلی پێشخستنی تایپۆلۆژی، کاتێ کە هەر سێ زمان بە شێوەی یەکسان لەیەکتر دور یا نزیک بن، توانای پێشبینیکردنی نییە.

### 3-5-1.مۆدێلی هۆکاری پێگەی زمانی دوەم(L2 status factor model):

ئەم مۆدێلە لەلایەن (باردل و فالک) (Falk 2007, 459) خرایەڕو. ئەوان بڕوایان وابو، کە زمانی دوەم کاریگەری زیاتری لە هەمبەر زمانی یەکەم بۆ فێربونی زمانی سێیەم هەیە، بە واتایەکی تر، ئەم مۆدیلە نزیکی جۆری پۆلی نێوان زمانی یەکەم و سێیەم بە ئەندازەی کاریگەری زمانی دوەم بەهێز نازانێت، هەروەها ئەم مۆدێلە وا پێشاندەدات کە نزیکی جۆری زمانەکان تەنیا لە گواستنەوە لە زمانی دوەم بۆ زمانی سێیەم (نەگواستنەوەی لە زمانی یەکەم بۆ زمانی سێیەم) یارمەتیدەرە.

(باردل و فالک) سەرنج دەخەنە سەر لایەنێکی دەمارناسی زمانی بۆ ئەم مۆدێلە، کە تیایدا زمانی دوەم وەک سەرچاوە و ژێدەری گواستنەوەی زمانی سێیەم دادەنێن، بە سەرەنجدان بەوەی کە شوێنی ئەنبارکردنی زانیارییەکانی زمانی یەکەم و دوەم لە ڕوانگەی دەمارناسی زمان جیاوازە، زانیارییەکانی ڕۆنانی زمانی، زمانی یەکەم لە یادگەی ڕێکارەکان(procedure memory) ئەنبار دەکرێت، لە کاتێکدا کە زانیاری ڕۆنانی زمانی، زمانی دوەم ڕون و دیارن و لە یادگەی هەواڵی(Declarative memory) ئەنبار دەکرێن، کە وایە دەتوانین بڵێین ئەم مۆدێلە لەگەڵ ئەو مۆدیلانەی کە تیایاندا زمانی یەکەم وەک هۆکاری گواستنەوە بۆ زمانی سێیەم هەڵبژێردرا، جیاوازی هەیە.

### 6-1.ئالێنگارییەکانی زمانی سێیەم:

ئەو ئالێنگارییە سروشتی و ناسروشتییانەی دێنە ڕێی فێربونی زمانی سێیەم زۆر و بێشومارن، لە کۆمەڵگە و ناوچە و کەسێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازن، ئێمە باس لەو ئالێنگارییە گشتییانە دەکەین، کە بەرۆکی بە پرۆسەکە گرتوە و ڕێگرە لە سروشتی فێربونێکی تەندروست و کەم مەودا و بەپێز.

### 1-6-1.کات:

ئەگەر فێربونی زمانی سێیەم هاوکات بێت لەگەڵ فێربونی زمانی دوەم، ئەوا بە دڵنیایی ئەنجامێکی نائومێدکەر بەدەستدەهێنێت، نابێت ئەو شتانە لە زمانی دوەم فێرکراوە بە فێربونی زمانێکی نوێ لە بیربکرێن، بۆ ڕێگەگرتن لەمە پێویستە زمانی دوەم بەباشی لە مێشکدا بچەسپێت، ئەمە ڕێگەت پێدەدات بۆ هاوسەنگی ئەو سێ زمانەی دەیزانیت. (carmen 2000, 157)هەرچەندە کە مرۆڤ توانای فێربونی دو زمانی لە یەک کاتدا هەیە، بە تایبەت لە قۆناغی منداڵیدا، بۆ نمونە منداڵانی کورد لە وڵاتێکی وەکو ئەڵمانیا یا فەرەنسا، سەرەڕای زانینی زمانی کوردی، لە هەمان کات فێری زمانی ئینگلیزی و ئەو زمانەش دەبن کە وڵاتەکە قسەی پێدەکات، ئەگەر بتوانیت لە ژینگەیەکی گونجاودا بیت بۆ فێربونی زمان بەشێوەیەکی پراکتیکی، بەڵام دیسان کاتی فێربونی زمانی سێیەم دەبێ کاتێک بێت واتە نابێت مرۆڤ لە یەک کاتدا هەوڵی فێربونی چەند

زمانێک بدات، جگە لەمەش، تەمەن و چەندایەتی ماوەی وەرگرتنی زمانەکە بە شێوەی ڕۆژانە ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە فێربونی زمانی سێیەم، هەندێجار هەردو هۆکار دەبنە بەربەست لە فێربونی زمانی سێیەم.

## 1-6-2.بەربەستەکانی بنەماڵەی زمانی:

زمانەوانان بۆ بنەماڵەزمانییەکان و دەستنیشانکردنی زمانەکان، لە ناو بنەماڵەکانیاندا دو ڕێگە دەگرنەبەر: یەکێک لەم ڕێگایانە (جۆرناسی زمانی- typology) زمانەکانە، کە تیایدا زمانەکان لەسەر بنەڕەتی تایبەتمەندییە ڕۆنانییەکان دابەشدەکرێن، لەم دابەشکردنەدا شێوەی قسەیی لەسەر بنەڕەتی وشە باوەکانی زمانەکە دابەشدەکرێت، بەپێی پۆلێنی مۆرفۆلۆژییانەی زمانەکان، زمانەکانی جیهانیان بۆ: (زمانە دابڕاوەکان، زمانە نوساوەکان، زمانە تێکچڕژاوەکان، زمانە ئەرکییەکان، زمانە ناوگرییەکان) دابەشکردوە، لە هەمو زمانێکدا، هەر پێنج قاڵب بۆ داڕشتنی وشە هەن و دەدۆزرێنەوە، ئەوەندە هەیە جۆرێکیان بە سەر دو جۆرەکەی تردا زاڵ بوە و زمانەکە بەوەوە ناو دەبردرێت. (فتاح 1990، 145). دوەمیان ڕێگەی (نەسەبنامە- Genealogy)یە وەک شێوەی (ترێ) دابەشکردنی زمانەکان دەناسرێت، کە سیستەمە پەیوەندییەکان بە سەرەنجدان بە ڕێژەی پەیوەندی زمانەکان پێکەوە دەخرێتە گروپێکەوە، ئەم ڕێگەیە لە هەمبەر دابەشکردنی یەکەم لە پێکەوەیی و کارامەیی و کاراییەکی باشتر بەهرەمەندە، بۆ پراکتیزەکردنی پێویستە لە زانستەکانی تری وەک دێرین ناسی، مێژو، جوگرافیا، مرۆڤناسی(ئەنترۆپۆلۆژی) و زیندەوەرزانی و..هتد سود وەربگیرێت، شارەزایان بۆ دانانی زمانێک لە ناو بنەماڵەیەک یا دروستکردنی بنەماڵەیەکی زمانی لەم شێوەیە سود وەردەگرن، بنەماڵەیەکی زمانی بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت: (گروپێکە لە زمانەکان، بە هۆی نەسەب یا ڕەچەڵەکی شێوەئاخاوتنی هاوبەش یا شێوە ئاخاوتنی پێشینیان پەیوەندییان بە یەکترییەوە هەیە، بە (ڕەچەڵەک زمان- proto-language)ی بنەماڵە دەناسرێت، لێکۆڵەران بە دۆزینەوەی پێکەوە گونجانی سیستەماتیکی نێوان زمانەکان (لەلایەنی ڕێزمانی و وشەیی) پەیوەندی بنەماڵەیی و ڕیشە و بنەڕەتی هاوبەشی نێوانیان دەناسن، بۆ ئەم مەبەستە (شجرەنامە)ی بنەماڵەیی زمان دروست دەکەن، ئەندامانی بنەماڵەیەکی هاوبەش، پێویستە لە کۆمەڵە تایبەتییەکی وەک دەنگسازی، ڕۆنان، ڕێزمان هاوبەش بن، لە زمانناسیدا چەمک و بابەتی بنەماڵەی زمانی لەوەوە سەرچاوەی گرتوە، کە وەک هەمو شتەکان و دیاردە ئالۆزەکانی جیهان، زمانە سروشتییەکانی مرۆڤیش، سیفات و خۆدەرخستن و شوێن پێی زۆر لە هەبونی ژیان و زیندوبون لە خۆیان دەردەخەن، لەوانەش زمانەکان وەکو گیانداران دەکەونە ناو چوارچێوە خزمایەتی و بنەماڵە، یا پۆلێنێک لە خزمایەتی و بنەماڵە زمانییەکاندا، بەپێی چەند پێوەرێک دەکرێ دەستنیشانی ئالێنگارییەکان بکەین، لە هەموشیان گرنگتر (پێوەری چونە ناو یەک و ئاوێتەبون)ە، بریتییە لەوەی کە (فێرخوازانی فێربونی زمان، لەسەر بنەمای بەهرەی پێشینە، فێری بەهرەی نوێ دەبن)..تا

ئەندازەیەک فێربونەکە بەخورتییە، لەبەرئەوەی تێکەڵاوبونی زمانەکان لەگەڵ یەک لەبەینی دو بەهرەی زمانی لە کاتی فێربوندا ڕو دەدات، ئەمەش لە ئەنجامی گواستنەوەیە، گواستنەوەکە پێشینە دەبێت، کاریگەری بەهرەی زمانی دوەم لەسەر بەهرەی زمانی نوێ، یان بە پێچەوانەوە کە پێی دەگوترێت گەڕانەوە، هەر یەکە لە مانە ئەرێنی یان نەرێنی دەبێت، ئەرێنی ئاسانکاری فێربونی زمانییە، بەهۆکاری لێکچون لەنێوان بەهرەکاندا، بەڵام نەرێنی بریتییە لە پەکخستنی فێربونی زمانی نوێ، بەهۆکاری جیاواز، تێکەڵاوبونی لەگەڵ یەکی زمانەکان، بەگشتی دابەشدەبن بۆ ئەم جۆرانە:

## 1-2-6-1.تێکەڵاوبونی دەنگەکان:

چونەناویەکی دەنگی زمانێک لەگەڵ دەنگی زمانێکیتر واتە بەکارهێنانی دەنگێکی زمانێک، کە نزیکە لە زمانێکیتر". (Murice 1976, 138). بۆ نمونە پیتی (R)ی زمانی ئینگلیزی، لە فەرەنسیدا بە دەنگی /غ/ دەردەبڕدرێت، تێکەڵاوبونی دەنگەکان، بۆنمونە لە فێربونی زمانی کوردی بۆ زمانی ئینگلیزی و بە پێچەوانەشەوە، دیاردەیەکی فۆنۆلۆژی زمانەکانە، بە جۆرێک لە ئالێنگاری فێربونی فێرخوازی زمانی سێیەم هەژمار دەکرێت و دەچێتەوە سەر کاریگەری زمانی پێشوتر لەسەر زمانی سێیەم، بۆنمونە پیتی (Th) لە زمانی ئینگلیزی بە دەنگی /ذ/ دەخوێندرێتەوە و دەدرکێنرێت، بە لام فێرخوازی کورد بە /ز/ دەیدرکێنێت، ئاخێوەری زمانی کوردی پیتەکانی (ح، ع، ق) بە هەمان فۆڕم بە دەنگی /ح، ع، ق/ دەدرکێنێت، بەڵام لای فێرخوازی زمانی ئینگلیزی، بە دەنگی /ح – H، ع – A– U، ق– Q/ دەدرکێنرێت. ئەو گرفت و ئاستەنگییانەی لە فێربونی زماندا دێنە ئاراوە، لە سەرەتای تەمەنی منداڵیدا ڕو نادات، بەڵکو ئەم جۆرە ئاستەنگییانە لە پاش تەمەنی (13)ساڵی توشی منداڵ دەبێت، بە بۆچونی (بلۆمفێلد و ڕۆبێرتس و لینبێرگ) ئەم ئالێنگارییانە هۆکارەکەی فسیۆلۆژییە، چونکە مێشکی منداڵ لە سەرەتای تەمەنیدا لاستیکییە، بەڵام لە تەمەنی پێگەیشتوییدا وا نامێنێت، مێشکی جێگیر دەبێت، ئەمەش وادەکات فێربونی دەنگە نوێیەکە ئەستەم بێت.

## 2-2-6-1. تێکەڵاوبونی سینتاکسی:

بە پێی بۆچونی (گرین بێرگ) لە ڕستەی ئاسایی هەمو زمانەکاندا، بکەر پێش بەرکار دەکەوێت، تەنیا سێ جۆری ڕیزبون پەسەند دەکرێت(SOV,SVO,VSO). هەر زمانێک بەپێی دەستور و یاساکانی سینتاکسی ئەو زمانە هەر سێ بەشە سەرەکییەکەی ڕستە یەک لەدوای یەک ڕیزدەکات (Tallerman 1998, 78)، بەڵام هەر زمانە و بۆ ڕیزبونی کەرەستەکانی ڕێسا سینتاکسییەکانی تایبەتمەندی و یاسایی خۆی هەیە، کە جیاوازە لە زمانانی تر، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ببێتە ئالێنگاری بۆ فێرخوازی زمانی سێیەم، چونکە هەبونی سێ سیستەم سینتاکسی و هەبونی سێ جۆرە یاساو ڕێسای سینتاکسی، دەبێتە هۆی ئاڵۆزی و ئالێنگاری بۆ زمانی سێیەم. لە تێکەڵاوبونی سینتاکسی (ئەگەر جیاوازی گەورە لە نێوان

زمانی یەكەم و دوەمدا یان یەكەم و سێیەمدا هەبو، ئەوا ئاویتەبون زیاتر دەبێت). بە هۆی یاسا سینتاكسییەكانەوە لە ڕستەی زمانەكان دەگەین، ئەگەر بمانەوێ واتای ڕستەكە بگۆڕین، ئەوا تەنیا بەهۆی گۆڕینی شوێنی وشەكانەوە دەبێت، لە فێربون و بەكارهێنانی زمانەكاندا گۆڕینی شوێنی كەرەستەكانی ڕستە دەبێت بە پێی یاسا و سیستەمی زمانەكە بێت، نەك لە سەر سیستەمی زمانی یەكەم یان دوەم، لەبەرئەوەی هەڵەی زمانی جۆراوجۆر بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

## 3-2-6-1.تێكەڵاوی فەرهەنگی:

لەم تێكەڵاویەدا هەمیشە ناكرێت وشەیەك بە واتا باوەكەی خۆیەوە، لە زمانیتر بەكاربهێنرێت، چونكە دەكرێ كە هەمان واتا نەدات لەو زمانەی كە بۆی وەرگێڕدراوە، تێكەڵاوی فەرهەنگی (وەرگرتنی واتا یان وشەی زمانێكە و بەكارهێنانی لە زمانێكیتردا بەمەبەستی دوركەوتنەوە لە دەستنەخستنی وشە)یە (Chamot 1987, 137)، بە واتایەكیتر ئەم جۆرە وەرگێڕانە هەڵە و نادروستە، لە زمانی یەكەم و دوەمەوە بۆ زمانە نوێیەكە، یاخود وشەكە لە بنەڕەتدا لە زمانی سێیەمەوە فێرخواز بە كاریگەری واتا و فەرهەنگی زمانی یەكەمی خۆی، دوچاری هەڵە دەبێت و لە نێو ڕستەدا بەكاریاندەهێنێت وەكو وشەی (sweet)لە فەرهەنگی زمانی ئینگلیزیدا واتای (شیرین)دەگەیەنێت، ئەگەر لە ڕستەیەكی وەكو ئەم ڕستەیەدا هات، ئەوا بە واتای (جوان) دێت، نەك بە واتای (شیرین).

سوپاس بۆ وشە جوانەكانت. Thank you for your sweet words.

لە زماندا بە شێوەیەكی گشتی بەكارهێنانی زمان لە هەر كۆمەڵگایەكدا بەپێی كلتوری ئەو كۆمەڵگایە بۆ مەبەستی جیاواز بەكاردێت، بۆ نمونە لە زمانی كوردیدا هەردو وشەی (مرد – تۆپی)بۆ مەبەستی جیاجیای مردن بەكاردێت، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا هەردو وشەكە هەر بە واتای (مرد) بەكاردێت، چونكە كلتوری كۆمەڵگای كوردی تەواو جیاوازە لە كلتوری كۆمەڵگای ئینگلیزی زمان وەك:

پیاوەكە مرد. The man died.

سەگەكە تۆپی. The dog died.

بۆیە دەشێت فێرخوازی زمانی سێیەم كە بەمجۆرە ئاوێتەبونی فەرهەنگییە شارەزا نەبێت وشەكان و زاراوەكان بە لێهاتویی و شارەزایی فەرهەنگی و كلتوری لێكنەدەنەوە و ببێتە بەربەست لە وەرگرتنی زمانەكە.

### 4-2-6-1. تێکەڵاوبونی واتاسازی:

یەکێکە لە بنەماکانی فێربونی زمان، بەکارهێنانی واتای وشەیە لە زمانێکی دیاریکراودا بۆ زمانێکی نزیک لە فێربونی زمانە نوێیەکە، گەڕانەوەی فێرخواز بۆ زمانی یەکەمی جۆرێکە لە پێویستی و پڕکردنەوەی کەم و کورتی لە زمانە نوێیەکەدا، مەرج نییە هەمو جارێک ئەم کەم و کورتییە بە زمانی یەکەم پڕ بکرێتەوە، (فێرخوازان ئەم ڕێگایە بە شێوەیەکی میتافۆڕی بە مەبەستی قەرەبوکردنەوەی وشەیەکی نادیاری زمانە نوێیەکە بەکاردەهێنن). (Brooks 1975, 49) وەک:


بزنەکە بە شاخەکەدا هەڵدەگەڕێت.     The goat climbs the mountain.

بەڵام فێرخوازی کورد کاتێک فێری زمانە نوێیەکە دەبێت، ناتوانێت بە تەواوی گوزارشت بکات لە واتای ڕستەکە وەکو ئاخێوەری زمانە ڕەسەنەکە، بۆیە لە جیاتی وشەی بزن وشەی مەڕ بەکاردەهێنێت، بەهۆی ئەوەی زانیاری کەمی هەیە لە سەر زمانە نوێیەکە، چونکە وشەی (مەڕ) گشتیترە لە وشەی (بزن)[أ].

## 1-7.ئاسانکارییەکانی فێربونی زمانی سێیەم:-

### 1-7-1.ئەزمون و ستراتیژی فێربونی زمانی پێشو لە زمانی سێیەمدا:

بەرژەوەندی، هاندان، مەبەست، بڕی ڕاهێنان و ئەو کاتەی فێرخواز بۆ فێربونی زمانەکە بەسەری دەبات، گرنگی هەیە لە فێربوندا، هۆکارێکیتر لێکچون و نزیکایەتییە لە نێوان زمانی دوەم و زمانە نوێیەکە، لەو زمانانەی پەیوەندییان هەیە بەیەکەوە، فێرخواز دەتوانێت چەمکە نزیک و هاوبەش و ئاشناکان لەگەڵ یەکدا بناسێتەوە، زوتر لێیان تێبگات. (جێنسەر) دەڵێ: ئەزمونی فێربونی زمانی پێشو چۆنییەتی فێربونی زمانی سێیەم دەگۆڕێت، هەرچەندە ئەمە جیاوازی تاکەکەسی دەردەخات، بەتایبەتی (دەمارناسی و کاریگەرییەکانی و وەرگرتنی زمانی یەکەم و دوەم) بەڵام سنوردارنین بۆ تەمەن و لێهاتویی، بەهرە یان هاندان، لە پرۆسەی فێربونی زمان گرنگن، چونکە ئەوە بەشێکە لە زانیاری ڕون، کە بەردەوام دەبێت بە یادەوەری و یارمەتیدەر، بە تایبەت دروستکردنی ڕستە بە زمانە نوێیەکە کە پێشتر چۆنییەتی ئەنجامدانی لە بیرگەدا هەڵگیراوە، لە سەر بنەڕەتی ئەوەی ڕاهێنانی دوبارە دەبێتە هۆی چەسپاندنی لە مێشکدا، بەکارهێنانی ئەم ستراتیژییانە هۆشیاری فێربونی زمان بەرزتردەکەنەوە، پەیداکردنی ئەزمون لەگەڵ ژمارەیەک زماندا هەستی ئەوە دروست دەکات، زیاتر ئاگامان لە لێکچون و جیاوازی پێکهاتەی زمانەکە بێت. لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا باشتر هۆکارەکانی ئاسانکاری بۆ زمانی سێیەم دەخرێنەرو:




هێڵکاری ژمارە(1) دەسکەوتنی زمانی سێیەم. (Hufeisen 2007, 314)

## 2-7-1.کاریگەری تەمەن لەسەر فێربونی زمانی سێیەم:

لە تاقیکردنەوەکاندا ئەوە سەلمێنراوە، تەمەن و فێربونی زمانێکی زیادە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، قۆناغی منداڵی لە ڕوی بایەلۆژی و خێرایی وەرگرتن بە تەمەنێکی گونجاو دادەنرێت، بەڵگەش لێکۆڵینەوەکەی (مۆنۆز و سینکتۆن)، ترسێکی بێ بنەما هەیە لە مرۆڤدا بۆ فێربونی زمانی دوەم و سێیەم، بەڵام بەڵگەکان ئەوە دەسەلمێنن ئەگەر دەستبکەین بە فێربونی زمانی زیادە دوای تەمەنی (دە)ساڵی، ڕەنگە هەرگیز نەتوانین بەتەواوی ببین بە مرۆڤێکی فرە زمانی، منداڵان لە یەک کاتدا دەتوانن چەندین زمان فێرببن، ئەوە سەلمێنراوە ئەو منداڵانەی کە پێش تەمەنی (پێنج) ساڵی فێری زمانێکیتر دەبن، هەمان بەشی مێشک بەکاردەهێنن بۆ فێربونی زمانە زیادەکە کە بەکارییان هێناوە بۆ فێربونی زمانی دایک، بە پێچەوانەی ئەو بیرە باوەی پێی وایە لە تەمەنی پێش حەوت ساڵی فێربونی زمانی زیادە لەلایەن منداڵانەوە سەرلێشێواوییە و کاریگەری دروستدەکات لەسەر زمانی زگماک، بەڵکو بەدەستهێنانی زمانی دوەم لە سەرەتای ژیاندا مێشک ئامادە دەکات بۆ فێربونی چەندین زمانیتر و جیهانێک لە دەرفەتەکان بۆ داهاتو دەکاتەوە، بۆ زانینی ڕێژە و سەرکەوتنی فێرخوازانی دو زمانی، لە کاتی فێربونی زمانی سێیەمدا، پشت دەبەستین بە ئەنجامە بەدەستهاتوەکان لە پرۆژەی (BAF2) لە هەرێمی کەتەلۆنیا ئیسپانیا، ئەم پرۆژەیە لێکۆڵینەوەی کرد لە فێربونی زمانی ئینگلیزی وەکو زمانی سێیەم، کە زیاتر لە (1000) قوتابی سەرەتایی و ناوەندی بەرە و سەر، دو زمانیان دەزانی (کەتەلۆنی وەک زمانی دایک و ئیسپانی وەکو زمانی دوەم) بە مەودای جیاواز، ئەم پێوەرە گەورەیە پشتی بە تاقیکردنەوەی لێهاتوی گشتی فێرخوازەکان بەستبو وەک (تاقیکردنەوەی ڕێزمانی، تێگەیشتن، ئاستی گوێگرتن، نوسین، ڕۆڵی گێڕانەوەی زارەکی، لاساییکردنەوەی دەنگی، جیاوازی دەنگی، ڕۆڵی یاری)، ئامانجی سەرەکی پرۆژەکە لێکۆڵینەوە بو لە کاریگەرییەکانی بایەلۆژی، لە تەمەنی جیاوزدا (هەشت ساڵی و حەڤدە ساڵی)، دەرکەوت فێرخوازانی تەمەن بچوک سودێکی زیاتریان لە فێرخوازانی تەمەن گەورە ساڵ وەرگرتبو، چونکە گەورەکان ڕێژەی وەرگرتنیان خاوتر بو لە چاو تەمەن

بچوکەکان.[ii] ئەنجامێکی گرنگتر لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەوەیە، جیاوازی تەمەن ناتوانێت بە تەنیا کۆی کاریگەرییەکان پێکبێنێت، لە سەر چۆنییەتی و چەندییەتی فێربونی زمانی بیانی، سەیرکردنی تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت و یارییە دیجیتاڵییەکان بەشدارییەکی بەرچاویان هەیە، لە بەدەستهێنانی زمانی ئینگلیزی وەکو زمانی سێیەم لە زۆر وڵاتانی دونیادا، بە تایبەتی بۆ خێرایی گەشە و گۆڕانی وشە و زاراوەکان، ئەمە سەرەڕای کاریگەرییە بەهێزەکانی پەروەردەی ماڵ و کارامەیی و خوێندەواری دایباب، بۆیە پەیوەندییەکی بەتین هەیە لە نێوان تەمەن و فێربونی زمانی سێیەم، بە هۆی ئەم فاکتەرەشەوە جیاوازی لە ڕێژەی فێربون دەردەکەوێت.

## 2.بەشی دوەم


### 1-2.شرۆڤە و لێکدانەوی داتا و زانیارییەکان:

کاری مەیدانی و ڕاپرسی و لێکۆڵینەوەکەمان لە چوار سەنتەر و ناوەندی ئەکادیمی جیاواز بوە، فێرخوازی جیاواز وەگیراون، لە نەتەوەی جیاواز و تەمەنی جیاواز، نمونەی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە دانە زمانییەکانی هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی کە لە نمونەی دەنگ و وشە و فرێز و ڕستەکان پێکهاتوە، ڕاپرسییەکە بریتییە لە (125) فۆرم کە بەشیوەی کاغەزی دەستی و بەشێوەی ئۆنلاین دابەشکران، ئەمەش بۆ ئەوەی لەگەڵ کات و شوێنی لێکۆڵینەوەکە بگونجێ، بەمجۆرە لە کۆی ئەو فۆرمانەی دابەشکران (100) فۆرمی فێرخوازان بە شێوازی کوردی دیالێکتی ناوەڕاست بە ڕێک و ڕەوانی وەڵامدرانەوە و کرانە بنەما بۆ شیکاری و دەرهێنانی داتای بە دەستهاتو، بۆ ئەوەی لە کۆی ڕاپرسیەکە کاریگەری زمانی یەکەم کە زمانی دایکە بزانین لەسەر فێربونی زمانی سێیەم، گشت فێرخوازە بەشداربوەکان زمانی یەکەمیان کوردی بو واتە ڕێژەی (100٪) لە سەدی بەشداربوانی ڕاپرسیەکە، دو ئاستی تەمەنمان دیاری کرد، (14 تا 30) و (31 تا 51) ساڵ. ڕەگەزی نێر 54 فێرخواز بو لەگەڵ 46 فێرخوازی مێ، بەشداربوان خەریکی فێربونی زمانی ئینگلیزی بون وەکو زمانی سێیەم، کە دەکاتە ڕێژەی (100٪) ی ڕاپرسیەکەمان.

### 2-2.پرسیارەکانی ڕاپرسی:

#### 1-لە کاتی فێربونی زمانی سێیەم دەنگەکان لەگەڵ زمانی دوەم تێکەڵ دەبن؟


بۆ زانینی کاریگەری دەنگەکانی زمانی دوەم لەسەر دەنگەکانی زمانی سێیەم، لەکۆی (100) بەشداربوی ڕاپرسییەکە (58) فێرخواز دەنگی (نەخێر)یان دابو بەم پرسیارە و دەنگەکانیان تێکەڵ نەدەکرد لەگەڵ زمانی دوەم، کە پێشتر فێری بون، لە خوارەوە بە شێوازی چارت ڕونکراوەتەوە.




نەخشەی ژمارە (2) پیشاندانی ڕێژەی تێکەڵبونی دەنگەکانی زمانی دوەم و سێیەم

## 2- لە زمانی سێیەمدا بۆ وەرگێڕان پشت بە وەرگێڕانی وشە بە وشە دەبەستی؟

زۆربەی فێرخوازان پشت بە وەرگێڕانی وشە بە وشە دەبەستن، کە ئەمەش بێگومان ئالێنگاری فێربونە لە فرەزمانیدا، چونکە لێکۆڵینەوەکان ئەوە دەسەلمێنن وەرگێڕانی وشە بەوشە کاریگەری خراپی هەیە بۆ فێربون، لە ڕاپرسییەکە ڕێژەی (69٪) دەنگی (بەڵێ)یان داوە بەم پرسیارە، ئەمەش واتای بونی بەربەستێکی ترە لەبەردەم فێربون، چونکە هەر زمانە و تایبەتمەندی خۆی هەیە و جیاوازە لە زمانێکی تر وشە هەندێجار بۆ هەمان مەبەست بەکار نایەت.





نەخشەی ژمارە (3) پیشاندانی ئاستی پشتبەستن بە وەرگێڕانی وشە بە وشە.

## 3- بۆ دروستکردنی ڕستە تەنها پشت بە ڕێزمانی زمانی سێیەم دەبەستیت؟

ئاماژەیەکی باش لە ئەنجامی ئەم پرسیارەدا بەدیکرا، ئەویش ئەوە بو ڕێژەی(53٪) بەڵێ یان دابو، ئەمە ئاماژەی ئەوەیە پێویستە فێرخواز لەکاتی دروستکردنی ڕستە و فرێزەکاندا پشت بە ڕێزمانی زمانی


سێیەم ببەستێت، چونکە تایبەتمەندی ئەو زمانە جیاوازە لە تایبەتمەندی ڕێزمانیی زمانی یەکەم و دوەم، بۆیە پشت بەستن بە ڕێزمانی زمانی سێیەم لەکاتی ڕۆنانی ڕستە دەبێتە حەتمی.




نەخشەی ژمارە (4) پشتبەستن بە ڕێزمانی زمانی سێیەم لە کاتی فێربون.

## 4- کە واتای وشەیەک نازانی یا لەبیری دەکەی لە زمانی یەکەمت وەری دەگری؟


ڕێژەی (٪74) وەڵامی (بەڵێ)یان داوە، لە هەمان کاتدا (٪26) وەڵامی (نەخێر)یان داناوە، کە ڕێژەیەکی کەمە بە بەراورد لەگەڵ ئەو قوتابییانەی وەڵامەکەیان بەڵێ بوە. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، ئەگەر زمانی سێیەم(ئینگلیزی) لە هەمان بنەماڵەی زمانی یەکەم(کوردی) بێت، ئەوا قوتابی ئاسانتر واتای وشەکان فێردەبێت، لەوەی هەوڵی فێربونی زمانێک بدات لە دەرەوەی بنەماڵەی زمانی زمانی یەکەمی خۆی.




نەخشەی ژمارە (5) ئاستی وەرگرتنی وشە لە زمانی یەکەم

### 5- هیچ کات ڕویداوە واتای وشەیەک بەهۆی وشەکانی دەوروبەرییەوە بزانیت؟


وەڵامی ئەم پرسیارە سەرسورهێنەر بوە لەلایەن بەشداربوانی ڕاپرسییەکە، چونکە ڕێژەی (92٪)،وەڵامی (بەڵێ)یان داوەتەوە، لە کاتێکدا (8٪)ی فێرخواز وەڵامیان بە (نەخێر) داوەتەوە، ئەمە کاریگەری و هێزی زانینی واتامان بۆ دەردەخات لە دەوروبەر واتە زانینی واتای وشەکانی دەوروبەر یارمەتیدەر و ئاسانکارییەکی باشە بۆ زانینی خودی واتای وشە نەزانراوەکە، بۆیە ئەمە بە باشترین و کاریگەرترین هەنگاوی فێرکاری دادەنرێت، کە پێویستە مامۆستایانی زمان جەختی لەسەر بکەنەوە و فیرخوازانی لەسەر ڕابهێنن.




نەخشەی ژمارە (6) زانینی واتای وشە بەهۆی وشەکانی دەوروبەری

### 6- کاتەکان(tense)ی کار لە زمانی یەکەم و دوەم کە دەیانزانیت یارمەتیدەر بونە بۆ فێربونی زمانی سێیەمت؟


فێرخوازان لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا (65٪) وەڵامی (بەڵێ)یان هەڵبژاردوە، کە دەکاتە (65) فێرخواز، لە هەمان کاتدا ڕێژەی (35٪) فێرخوازان کە دەکاتە (35) فێرخواز وەڵامی (نەخێر)یان هەڵبژاردوە.




نەخشەی ژمارە (7) کاریگەری (کات) لە زمانەکانی یەکەم و دوەم لەسەر زمانی سێیەم

## 7- هەست دەکەیت بەهۆی زانینی زمانی دوەم ئاسانتر فێری زمانی سێیەم دەبیت؟


(68) فێرخواز دەکاتە ڕێژەی (68٪) بە (بەڵێ) وەڵامیان نوسی، لە بەرامبەردا (32) فێرخواز کە دەکاتە (32٪) بە (نەخێر) وەڵامیانداوەتەوە وەڵامی فێرخوازان لە ڕاپرسییەکە دەریخست، ئەزمونی فێربونی زمانی دوەم کە یەکەم ڕوبەڕوبونەوەی فێرخواز بو بەرامبەر زمانێکی دەرەوەی زمانی دایک، یارمەتیدەرە و ئاسانکارییە بۆ فێربونی زمانی سێیەم، بەو پێیەی ئەزمونی خوێندن و فێربونی زمانی دوەم کاریگەری هەبو لەسەر فێربون و خوێندنی زمانی سێیەم.




نەخشەی ژمارە (8) کاریگەری زمانی دوەم لەسەر فێربونی زمانی سێیەم

## 8-کام دەنگ لە زمانی سێیەم ئاسانتر فێربویت؟


ڕاهاتنی دەنگەژێیەکانی فێرخواز چ کاریگەرییەکیان هەیە لەسەر وەرگرتنی دەنگی نوێ، دەبنە ئاسانکاری فێربون یان ئالێنگاری دروستدەکەن، ڕاپرسییەکە ئەوەی دەرخست کە ڕێژەی(33٪)ی فێرخوازان کە دەکاتە (33) فێرخواز لە کۆی (100) فێرخواز دەنگی/A/ بۆیان ئاسانترین دەنگ بوە لە کاتی فێربون، کە بەرزترین ڕێژەی تۆمارکرد لە ڕوپێوی کاری مەیدانی ڕاپرسییەکە، بە شێوەی چارت ڕێژەی ئاسانترین دەنگەکانی تر ڕونکراوەتەوە.




نەخشەی ژمارە (9) خێراترین دەنگ بۆ فێربون لە زمانی سێیەم

## 9- کام دەنگ لە زمانی سێیەم بە زەحمەت فێری بویت؟

دەنگی /TH/ بەرزترین ڕێژەی دەنگدانی تۆمارکرد، لە ڕاپرسییەکە، لە کۆی (100) بەشداربو، (37) فێرخواز پێیان وابو زەحمەترینی دەنگە لە زمانی ئینگلیزی بۆ فێربون کە ڕێژەی سەدی دەکاتە (37٪) ی کۆی ڕاپرسییەکە، بە شێوەی چارت ڕێژەی سەدی زەحمەترینی دەنگی زمانی سێیەممان دەرخستوە، کە لەم ڕاپرسییەدا زمانی (ئینگلیزی) وەکو نمونە وەرگیراوە.





نەخشەی ژمارە (10) ڕیزبەندی زەحمەتترین دەنگ بۆ فێربون لە زمانی سێیەم

## 10- ئەو دەنگە کامەیە لە زمانی سێیەم لەگەڵ دەنگەکانی زمانی یەکەم و دومت تێکەڵی دەکەیت؟

ڕێژەی (26٪) بەشداربوان دەنگی /H/ یان دیاریکرد کە تێکەڵاوی دەکەن لەگەڵ دەنگەکانی زمانی یەکەم یان دوەم، کە (26) بەشداربون، دوەم زۆرترین ڕێژە بریتی بو لە (20٪)ی کۆی بەشداربوانی ڕاپرسییەکە، کە دەکاتە (20) قوتابی و دەنگی /TH/ یان دیاریکرد، دەنگەکانی تر بە ڕیزبەندی دانراون لە چارتەکەی خوارەوەدا


مەبەست لەم پرسیارە زانینی کاریگەری و ڕادەی تێکەڵی و تێکەڵاوی دەنگەکانی زمان بزانین لە نێوان چەند زمانێک، بەتایبەت زمانی کوردی و ئینگلیزی، ئەو زمانانەی سەر بە یەک بنەماڵەی زمانین، دەنگەکانیان وەک یەکن یا نزیکن لە یەکتر، ئەمەش هەندێجار تێکەڵاوی دروست دەکات لە هزری فێرخوازدا، چونکە فێرخواز کاتێ ڕوبەڕوی زمانێک دەبێتەوە بۆ فێربون، بەتایبەت زمانی سێیەم کە دوەم ڕوبەڕوبونەوەیە و فێرخواز لە ئەزمونی دوەم زمانیدا وا ڕاهاتوە، کە زمانی بێگانە تەواو جیاوازە لە زمانی یەکەمی، بۆیە لە کاتی فێربونی دەنگەکانی زمانی نوێ تێکەڵاوی بیستن ڕودەدات، فێرخواز زۆرجار دەنگی مەبەست جیاناکاتەوە لەو دەنگە لە هەمان زمانی یەکەم یا دوەمی کە فێری بوە.




نەخشەی ژمارە (11) ئاستی تێکەڵبونی دەنگەکانی زمانی یەکەم و دوەم و سێیەم

## 11-لە کاتی فێربونی زمانی سێیەمدا کام پۆلە وشە کاتی زیاتری ویست بۆ فێربون؟


بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە چوار هەڵبژاردن خرایەپێش بەشداربوانی ڕاپرسییەکە، تا سەرپشکبن لە هەڵبژاردنی یەکێک لە پۆلەوشەکان، ئەوانیش (ناو،ڕاناو،ئامراز،کار)، لەڕێگای ئەم پرسیارەوە هەوڵدرا ئالێنگاری فێربونی یەکێک لەم پۆلەوشانە دەرخەین، هەروەها بزانین کام پۆلەوشە ئاسانترە بۆ فێربون، لە ئەنجامدا دەرکەوت، (ڕاناو)ەکان زۆرترین کاتیان پێویستە بۆ فێربون، کە ڕێژەی (35٪)ی فێرخوازان پۆلەوشەی (ڕاناو)یان دیاریکرد، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەگەیەنێت، کە ڕاناوەکان لە هەر زمانێکدا تایبەتمەندی ئەو زمانە هەڵدەگرن، لەدوای ئەوە پۆلە وشەکانیتر بەپێی ڕیزبەندی داندراون لە چارتەکەدا.




نەخشەی ژمارە (12) زەحمەترین پۆلە وشە بۆ فێربونی زمانی سێیەم

## 12- کام لایەنی زمان زوتر و ئاسانتر فێردەبیت؟


ڕێژەی (48٪)ی فێرخوازان کە دەکاتە (48) قوتابی دەنگیان بە (واتا)دا، ئەمەش ئەوەی دەرخست، کە واتا ئاسانترینی لایەنی وشەیە بۆ فێربون، پاشان (خوێندنەوە)، ئینجا (نوسین) دواتر(ڕێزمان)، کەمترین دەنگی تۆمارکرد لە وەڵامەکاندا، کە ڕێژەی تەنها (4٪)بو.




نەخشەی ژمارە (13) ڕیزبەندی ئاسانترینی لایەنی زمان

## 13- ئامرازەکان لە بەکارهێنانیاندا چ کێشەیەکیان بۆ دروستکردی؟


خودی ئامرازەکانی هەر زمانێک وەک مۆرفیمێکی سەربەخۆ یا بەند کێشە نین، بەڵام لە ڕوانگەی هاتنیان لەلایەنی (واتا، شوێن، جۆر، خوێندنەوە) زۆر جار کێشە بۆ فێرخوازی زمانی سێیەم دروستدەکەن، بۆ ئەوەی بزانرێت بەهێزترین ئالێنگاری یا ئاسانکاری چییە لە فێربونی ئامرازەکاندا، گەیشتین بەم ئەنجامانە: ڕێژەی (34٪)ی بەشداربوان وەڵامی (شوێن)یان هەڵبژارد، کە دەکاتە (34) فێرخواز لە کۆی (100) فێرخواز، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت، فێرخواز لە کاتی فێربونی ئامرازەکاندا گرنگترین ئالێنگاری کە ڕوبەڕوی دەبێتەوە بریتییە لە زانین و دانانی شوێنی ئامرازەکە لە ڕستەدا، لە دوای ئەمە بابەتی (واتا) و (جۆر) و (خوێندنەوە)ی ئامرازەکان کەمترین ڕێژەی بە دەستهێنا کە (13٪)بو.




نەخشەی ژمارە (14) کێشەی ئامرازەکان لە فێربوندا

## 14- کەرەستەی زمانی کە فێری دەبی چۆن ڕیزی دەکەی؟


ڕیزکردنی کەرەسەکانی زمان لەناو ڕستەدا یەکێکە لە گرنگترین بابەتی فێربونی هەر زمانێک، هەڵبژاردنەکانمان، بریتی بون لە: (بەپێی واتا، بەپێی دەستوری زمانی سێیەم، بەپێی دەستوری زمانی دوەم، بەپێی دەستوری زمانی یەکەم)، هەم لەم ڕێگایەوە کاریگەری ڕێزمانی زمانی یەکەم ودوەمیش بزانین لەسەر زمانی سێیەم، ئاخۆ فێرخوازان لە کاتی فێربونی زمانی سێیەمدا دەگەڕێنەوە بۆ زمانی یەکەم و دوەمییان، یان سەربەخۆ سەیری زمانی سێیەم دەکەن وەڵامەکان بەم جۆرە درانەوە، زۆرترین قوتابی کە (59) قوتابی بو لە کۆی بەشداربوانی ڕاپرسییەکە وەڵامی (واتا) یان هەڵبژاردبو، کە دەکاتە ڕێژەی (59٪)، ئەمەش واتای ئەوەیە فێرخوازان لە کاتی ڕیزکردنی کەرەسەکانی زمانی نوێ کە فێری دەبن بە پلە یەک پشت بە واتا دەبەستن، لە چارتەکەی خوارەوەدا بە ڕیزبەندی ئەوانیترمان دیاریکردوە.




نەخشەی ژمارە (15) چۆنیەتی ڕیزکردنی کەرەستە زمانییەکان

## 15-لە بەکارهێنانی کاردا چ شتێک زیاتر بوە بە کێشە لەبەردەم فێربون؟

ئەو بابەتەی کە لە فێربونی هەر زمانێکدا جێی سەرنجی مامۆستا و فێرخوازانە، بریتییە لە (کار)، چونکە پێویستییەکی بەخورتی ڕستەیە و لە هیچ زمانێکدا فەرامۆش ناکرێت، بۆئەوەی لە ئالێنگارییەکانی فێربونی کار بگەین لە زمانی سێیەم، ڕێژەی (42٪)ی فێرخوازان وەڵامی (کاتەکان)یان هەڵبژارد، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، کە (کات) بەشێکن لە تایبەتمەندی هەر زمانێک، زمانی کوردی و ئینگلیزی ڕاستە لە یەک خێزانە زمانن، بەڵام لە ڕوی کاتەوە جیاوازن.




نەخشەی ژمارە (16) بەربەستەکان لە بەکارهێنانی کاردا

## ئەنجام

1- ستراتیژی فێربونی زمانی سێیەم جیاوازە لە فێربونی زمانی دوەم، بەجۆرێک فێربونی زمانی سێیەم کاتی کەمتری پێویستە، لەو کاتەی کە بۆ فێربونی زمانی دوەم پێویستە.

2- (68٪) فێرخوازانی زمانی سێیەم، پێیان وایە کە زمانی یەکەم و دوەم دەبنە ئاسانکاری بۆ فێربونی زمانی سێیەم، (32٪) بە ئالێنگاری دادەنێن.

3- لە ڕوی فۆنۆلۆژییەوە، ڕێژەی (58٪) دەنگەکان پێیان وایە دەبنە هۆی ئاسانکاری و (40٪) فێرخوازان دەنگەکانی زمانی دوەم لەگەڵ زمانی سێیەم تێکەڵ دەکەن.

4- لە ڕوی مۆرفۆلۆژییەوە، گەورەترین بەربەست لای فێرخوازان فێربونی ڕاناوەکانە کە (35٪) فێرخوازان لە کاتی فێربونی زمانی سێیەم بە ئالێنگاری دەزانن و ئاسانترینیان (ناوە) کە تەنیا بە ڕێژەی (16٪) پێیان وایە ئالێنگارییە.

5- لە ئاستەکانی زمان بە شێوەی گشتی بە ڕێژەی (48٪) پێیان وایە ئاستی (واتا) بەرزترین ڕێژەیە بۆ ئاسانکاری و (4٪) پێیان وایە ڕێزمان کەمترین ئاسانکارییە.

6- لە ئاستی سینتاکسی، جیاوازی یاسا سینتاکسییەکانی زمانی سێیەم لەگەڵ یەکەم یا دوەم زمان، دەبێتە ئالێنگاری فێربون. (53٪) پشت بە یاسای ڕێزمانی زمانی سێیەم دەبەستن، بەڵام (47٪) پشت بە یاسا ڕیزمانییەکانی زمانی دوەم و یەکەم دەبەستن لە پێکهێنانی ڕستە، کە ئەمەش ئالێنگاریەکیترە.

7- فێرخواز زوتر فێری ئەو زمانە دەبێت کە لە هەمان بنەماڵەی زمانییەکەی بێت، بەڵام نائاشنایی کلتوری زمانی لەلای فێرخواز کە گرفتێکی فێربونە لە کاتی فێربونی زمانی سێیەم، دەبێتە ئالیناگاری فێربون.

## سەرچاوەکان


سورخی، ڕەحیم قادر(٢٠١٣) .*مەترسییەکانی سەر زمانی کوردی وەک زمانی زگماکی* .هەولێر :حاجی هاشم.

فتاح، محمد معرف(١٩٩٠) .*زمانەوانی* .بغداد :دارالحیکمە.

ابطحی، مهدی، مهدی خدادادیان(١٣٩٥)." تأثیر دوزبانگی بر یادگیری زبان سوم؛ مطالعهٔ میدانی بر روی فارسی آموزان چینی تکزبانه و دوزبانه ".*نشریه پژوهش های زبان شناسی*.16

الیاسی ,محمود (٢٠١٢)دوزبانگی :نگاهی به آموزش دوزبانه ها در ایران ".*پژوهشنامه زبان شناختی زبان فارسی* :2012 , 17-27.

Bardel, Camilla , and Ylva Falk.(2007) "The role of the second language in third language acquisition: the case of Germanic syntax." *sage journals*,: 459-484.

Bardel, Camilla.(2020) "Third language acquisition." *language science press* (language science press).

Brooks, N.(1975) *The analysis of foreign and faniliar sultures in R. Lafayette.* Chicago: Skokie, Illinois National Tex book company.

carmen, munoz(2000). *bilingualism and trilingualism in school.* london: act.

Chamot, A.U.(1987) *The learning strategies of esl Prentice-(EDS).*

Flynn, Suzanne , Claire Foley, and Inna Vinnitskaya. "Flynn, S., Vinnitskaya, I. & Foley, C. (2004). The cumulative-enhancement model for language acquisition: comparing adults and children's patterns of development in first, second and third language acquisition of relative clauses." *International Journal of Multilingualism*: 3-16.

Grosjean, François. *Bilingual(2010): Life and Reality*. bostn: Harvard University Press.

Haugen, Einar(1953). *The Norwegian Language in America.* Philadelphia: University of Pennsylvania Press.

Hufeisen, Marx (2007). *third language acquistion (L2 vs. L3).* berlin: berlin.

Murice, V.(1976) *Over Back.*.

Rothman, Jason.(2010) *L3 syntactic transfer selectivity and typological determinacy: The typological primacy model.* Florida: Research article.

Tallerman, Maggie.(1998) *Understanding Syntax.* london.

Trask, R.L. (1996) *Dictionary of phonetics and phonology.* kondon: Eds.

# Learning the third language and its facilities and difficulties or challenges – the centers of languages in the city of Erbil as an example

**Mizgin Abdurahman Ehmed[1] Hevin kamal Abduljabar[2]**

[1+2]Kurdish Department, College of Language University Salahaddin, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

We can learn the first language (mother tongue) and the second language easily and whatever the way is, but learning the third language depends on the situation, the age, time, sex, how you think and whether you want to get a job or any other reasons. Learning the third language may be easy to us or hard, this is quite different from one person to another; some people can acquire it in an easy way and some may not acquire it in an easy way or should try hard to get it, this research is entitled (Learning the third language and its facilities and difficulties or challenges – the centers of languages in the city of Erbil as an example): are attempts to clarify the aspects that may make obstacles to learn the third language. Of course the main problem is the language, and learning the third language is the same as the first and second languages you might face the same obstacles. In this research we try to focus on the motivations that make you learn the third language in the simplest way, or vice versa. This is worth a lot of discussions and exchanging ideas and that led the linguists to be divided into two different groups, each has many evidences to approve that. This matter is clarified and being focused on depending on a referendum held in four centers of languages in the city of Erbil.

**Key Words:** First Language, Second Language, Third Language, Language Family, Challenge and Facilitation.

---

[i] – لە زمانی کوردیدا وشەی (مەڕ) واتایەکی فراوانتری لە وشەی (بزن) هەیە، چونکە لە ناو کۆمەڵگادا وشەی مەڕ بۆ زۆر واتا بەکارهاتوە و تەنانەت نوکتە و نرخپێدانیشی زیاترە لە وشەی بزن. بڕوانە ئەم نمونانە:

– فڵانەکەس مەڕە.

پارەی دونیات هەبێت مەڕێک ناهێنێت.

[ii] – بۆ زانیاری زیاتر لەسەر وردبونەوە لەم پرۆژەیە، بڕوانە ئەم سەرچاوەیە

Munoz Carmen , bilingualism and trilingualism in school ,2000,